# هارمۆنییەتی زمان و ئاماژەکانی دەق لە هۆنراوەکانی کۆسار کەمال-دا



**ئاوات محەمەد**

خەسڵەتی گرنگی بەکارهێنانی ناسیستماتیکی زمان لە هەموو ژانرەکانی تری ئەدەبدا بۆ خودی شیعر دەگەڕێتەوە، ئەویش بەوەی بە یەکێك لەو ژانرانە ئەژمار دەکرێت هەڵگری کۆمەڵێك دەلالەتی تایبەتە بەخۆی. ئێمە دەزانین ئیستاتیکا لە هەموو شوێنێك بوونی هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر گۆرانکاریی بەسەردا دێت. لە شیعردا ئەم حاڵەتە ئەوەندە ڵاستیکی دەبێت، بەو ئەندازەیەی وەك هیولامیەتی لێدێت، هەندێکجار بە بەشێك لە مەسەلە سەرمەدییەکان پێناسە دەکرێت، بەڵام ئەوەی گرنگە لەناو ئاماژەی شیعردا، ئەوەیە هەستمان پێ بەخشێت، بە ئەندازەیەك هەست دەکەین ئەو شیعرە پێشتر لە ناخی ئێمەدا بووە، شاعیر هاتووە لە ڕێگەی گەمەیەکی زمانەوانییەوە دۆزینەوەی بۆ کردووە، بەڵام ئەو گەمەیە لە چ ئاستێکی پێکهاتەکانی دۆزینەوە یان ئەو پرسیارانەی بە بوون دەکرێت، کامەیە؟ ئەوەیان پەیوەندیی بە ئاستی بیرکردنەوەی ئێمەوە هەیە ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیارە، ئایا شیعر دەتوانێت بە هەموو شتەکان ئاشنامان بکات؟ وەك هەندێك لە شاعیران وەك وەهمێك وێنای ئەم حاڵەتە دەکەن، کە گوایە شیعر هاوتای ماددەی بنەڕەتییە، واتە ئەو هیولامییەی لەناوکایەی فەلسەفیدا ئاماژەی پێدەدرێت. ئەم خەسڵەتە دەتوانێت وا لە شیعر بکات لە ژانرەکانی تر جیابکرێتەوە؟ خودی پرسیارەکە بە پرسیارێکی تر وەڵام دەدرێتەوە، ئەویش ئەگەر شیعر خاوەنی ئەم خەسڵەتەیە لەبەر چی تەرزەکانی تری نووسین هەن، یان بەشێوەیەکی راستەوخۆ تر بڵێین لەبەر چی شیعر پەنا بۆ ئەوان دەبات، تا خۆی نوێبکاتەوە؟ مەسەلەکە پەیوەستە بە تەماشاکردنی ئێمەوە بۆ پێکهاتەکانی ئیستاتیکا، یان ئەوەی پێی دەوترێت ئەفراندن پاشان دامەزراندنی سیستمێکی راڤەکاری یان هێرمۆنتیکیانە بۆ دەق، هەروەها بۆ دنیابینیی شاعیر دەیەوێت ئەو

شیعرەی پێشتر نووسراوە، ئەم چۆن جارێکی تر بە شێوەیەك بینوسێتەوە. هەست بکەم پێشتر ئەم شیعرەم بیستووە، بەڵام هارمۆنتیکای ئەم شیعرە لەوەی ئەمویست ئاماژەی پێبدەم جیاوازترە. لەوانەیە بپرسن مەبەستتان لەم رستەیە چییە. ئایا بەتەنها یەك شاعیر هەموو شیعری خۆشەویستیی نووسیووە؟ ئایا تەنها یەك شاعیر دەتوانێت تراژیدیا بنووسێت؟ ئەم پێشەکەییە تەنها بۆ ئەوەیە بتوانین هەندێك قسە لەسەر بەشێك لە قەسیدەکانی کۆسار کەمال-ی شاعیر بکەین، ئەو دەنگەی دەیەوێت مەودایەك بۆ ئەو بیرکردنەوەی خۆی لەناو کایەی شیعریدا بدۆزێتەوە، یان وەك دەنگێکی جیا خۆی بناسێنێت. ئەوەندەی لە قەسیدەکانی کۆسار ورد دەبیتەوە، بەشێك لەو وێنە هزرییانەت بەرچاو دەکەوێت، کە پێویستە بۆ باگراوندی قەسیدەکە تێبینیی خۆت هەبێت، هەروەها یەکێك لە خەسڵەتەکانی تری ئەم شاعیرە ئەوەیە سەر بە هیچ رەگەزێك نییە، لێرەدا مەبەستم مەسەلە شیعرییەکانە، کە دواتر هەندێك لەسەر ئەم مەسەلەیە هەڵوەستە دەکەم.

ئەوەندەی شیعر هەوڵدانە بۆ گەڕان بەدوای پەنهانییەکاندا، ئەوەندە بریتی نییە لەو شتانەی ئێمە دەخوازین بیاندۆزینەوە، بەمانایەکی تر شیعر هێندەی گەڕانە بەدوای دۆزینەوەی ئەو مانایانەی دەکەونە پشت دەلالەتەکانەوە، ئەوەندە دۆزینەوەی مانا نییە، واتە کاری شاعیر بریتی نییە لە دۆزینەوەی ماناکان. ئەمە کاری فەلسەفەیە بەدوای بەڵگەدا دەگەڕێت بۆ سەلماندی لۆژیکێك یان هاوکێشەیەکی دیاریکراو، شیعر لە شوێنێکی تر گەڕانی خۆی دەکات، هەر ئەمەشە وایکردووە شاعیر لە هەموو تافەکاندا خاوەنی دەلالەتی تایبەتی خۆی بێت یان خاوەنی دەلالەتی تایبەتی خۆی بێت، هەولی داوە لەناو ئەو کایانەدا بوارێك بۆ گوزارشتکردن لە خۆی بدۆزێتەوە، هەر ئەم خاڵەشە وای کردووە هەموو بوارەکانی ئەقلانییەت هەمیشە شاعیر لە مەملەکەتی خۆی دوور بخەنەوە. ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئێمە لە هەموو ئانو ساتێکدا پێویستمان بە ئیستاتیکا هەیە، لەبەر ئەوە ناکرێت دەستبەرداری شیعرو شیعریەت بین لەناو هەموو ساتەکانی ژیانماندا. ئەگەر بە شێوەیەکی لۆژیکی تەماشای شیعر بکەین، لەوێشەوە بە چاوێکی رەخنەگرانەوە تەماشای شیعرەکانی کۆسار کەمال بکەین، ئەوا دەبێت لەو دەسپێکەوە تەماشای پێکهاتەکانی بوونیادی قەسیدە لە ئەم شاعیرە بکەین، شیعر لای ئەم بۆ کۆمەڵێك کۆد دەگۆڕدرێت، لەبەر ئەوەی بەدەستهێنانی زمانێکی شیعری پێویستی بە کارێکی تەواو بوێرانە هەیە، ئەویش بۆ گۆڕینی جەوهەری پەیوەندییە زمانەوانییە باوەکان. بۆ ئەوەی باشتر لە پێکهاتەکانی بوونیادی شیعری کۆسار بگەین، پێویستە لەو بنەما میتۆدییەوە تەماشای بکەین کە خەزعەل ئەلماجدی لە کتێبی ئەقڵی شیعریدا ئاماژەی پێداوەو دەڵێت (شیعر لە هیچ مەرجێکەوە دەرناچێتو لەژێر هیچ مەرجێکدا گەشە ناکات، بەڵکو ناوچەیەکی نامەرجدار هەڵدەبژێرێت، پیادەکردنی بە زنجیرەیەك لە گریمانە بە ملکەچی رێکەوتی خولقێنەر وابەستەیە.. ماجدی، ٢٠٠٤: ٧٠) ئەوەی لێرەدا پێویستە ئاماژەی پێ بدەین، ئایا کۆسار توانیویەتی لەم پانتاییە بەرفراوانەی نامەرجییەدا کار بکات؟ لەبەر ئەوەی کارکردن لە بوارە مەرجدارەکاندا ئاسانترە ئەو پانتاییەی بۆ گوزارشتکردن پێویستە بەدەستت دەکەوێت، بەڵام بۆ شیعر مەسەلەکە پێچەوانە دەبێتەوە، وەك نزار قەبانی دەڵێت: (دەرچوون لە یاسا، ئەمە قەدەری قەسیدەی باشە، قەسیدەیەکی خاوەن ئاست نییە لەگەڵ سەدەمەکەی خۆی لە دژبەیەکبووندا نەبێتو پێکدادان لەنێوانیاندا نەبێت.. قەبانی، ١٩٨٢). ئەم بۆچوونە وامان لێ دەکات بەشێوەیەکی تەواو جیاواز بیر لە مەسەلەکان بکەینەوە، شیعر لە پانتاییەکی تردا تەماشا بکەین.

ئەوەی لای من لە شیعرەکانی کۆسار کەمالدا جێگەی سەرنجە، ئەم قەسیدانە بۆ رەگەزێکی دیاریکراو ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ کەسێك دەگەڕێتەوە لە دەرەوەی هاوکێشە رەگەزییەکانە، واتە ناتوانی وەك شاعیرێکی ژن پێناسەی بکەیت، نەك شاعیرێکی بەپیاوبوو، کە خۆی سەر بە رەگەزی مێینەیە. ئەمە وادەکات لە کاتی خوێندنەوەدا پاڵنەرێکی تر هەبێتو بەئاگاوە تەماشای بکەیتو نەکەویتە ناو گێژاوی ئەدەبی فیمینیزمی یان ئەدەبێك کە ژن دەینووسێت، لەبەر ئەوەی خەمەکانی لە خەمی هەموو مرۆڤەکانی تر جیاوازترە، واتە ئەو وەك بوونێك بە تاکی تەنیا دەیەوێت ئاماژە بەو هەستانە بدات، کە دەبنە هۆی

پێکهێنانی بوونیادی خودی شاعیرو لەوێوە بوون لە بوونێکی ئەنتۆلۆژییەوە بۆ بوونێکی تاکگەرا بگوازێتەوە. تاکگەرایەك هەندێکجار یاخی، هەندێکجار قەدەری. لەبەر ئەوە بوونەکەی ئەمان لە بوونێکی ئەنتۆلۆژیانە دوورخستەوە، تاکو نەکەوینە ناو ئەو ئیشکالیەتەی ئەم زاراوە لەگەڵ خۆیدا هەڵیگرتووە. لێرەوە بوون وەك تاك ئامبازی بوون وەك خوود دەبێتەوە، دەیەوێت جیاکارییەك لەناو بیرکردنەوەی شیعریدا درووست بکات، واتە ئەو نایەوێت ببێتە قسەکەر لەگەڵ خودی خۆی، بەڵکو دەیەوێت بەدوای ئەو خوودەدا بگەڕێت، کە لەوانەیە لە شوێنێك لە شوێنەکانی ئەم دنیایە ونی کردبێت. دەتوانین وەك نموونە قەسیدەی (دیسانەوە، قافڵەکانی هەرەس لێرەوە... تێدەپەڕن) وەربگرین، کە ئەم حاڵەتە لەوێدا بەتەواوەتی بەدی بکەین. لەم شیعرەدا ئەوەندەی شاعیر بەدوای ئەو وێڵبوونە خوودییەدا دەگەڕێت، ئەوەندە بەدوای خوود سەپاندنی خۆیدا ناگەڕێت. ئەو بە نیازە گۆرانییە لەبیرکراوەکانی دێر زەمان بڵێتەوە، ئەوەتا بۆ ڕۆچوونە خوارێ بۆ ناو حاڵەتە تەواو خودییەکان، دەڵێت:

**من ئەمشەو**

**لە تان و پۆی مەملەکەتە لەبیرکراوەکەم ورد ئەبمەوە**

**لەگەڵ لێزمەی عەشقکێکدا دادەکەم**

**بۆ ئەوەی بەهەشتی باوەشێك منی شیعری بزرکرد بدۆزمەوە.**

ئەم رستانە ئەوەندە بەرەو ئەو لێکدانەوە خوودگەرییە دەمانبەن، بە ئەندازەیەك ئەو وێڵ نییە بەدوای هیچ کەسێکدا، بەڵکو بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕێت، کە لە خۆی ونبوون. ئایا لێرەوە ناگەینە ئەو بڕوایەی لەگەڵ ماجدی بڵێین (شیعر بریتییە لە جەوهەری خودی بوون، بریتییە لەو هیۆلیەی لە وێنەیەکی وشکبووی دیوارێك و قفلێك و تەختەو گۆشتدا دەیبینین... مەبەستم لە دەقەکانە../ هەمان سەرچاوە: ٧٣). ئەوەندەی شاعیر لەناو وێنەیەکی هیۆلیدا دەمانهێڵێتەوە، ئەوەندە وێنەیەکی ڕەهای تەواوبوومان ناداتێ، تاکو بتوانین دەستمان بە هەموو ئەوانە بگات، کە دەمانەوێت بە شێوەیەك لە شێوەکان بیرکرنەوەمان لەسەر یەك پارچە لە پێکهاتەکانی چڕ بکەینەوە.




ئەوەی جێگەی سەرنجە کۆسار کەمال یەکێکە لەو شاعیرانەی کەم دەنووسێت، بەڵام قەسیدەکانی خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن، ئەگەرچی لە هەندێك جێدا تا ئەندازەی ژیانی ڕۆژانە دێرە شیعرییەکان گوزارە لە خۆیان دەکەن، بەڵام ئەم سادەبوونەش ناتوانن بە ئەندازەیەکی گەورە زیان بە بوونیادی قەسیدەکان بگەیەنن. ئێمە سەرەتا وتمان شیعر هەڵگری لۆژیکێکی دیاریکراو نییە، بەڵکو خاوەنی پێکهاتە تایبەتەکانی خۆیەتی، واتە ئەو وشانەی شیعری پێ دەنووسرێت، لەو وشانە جیاوازترە لە سیستمی ڕێزمانیدا بەرچاومان دەکەوێت. وێنەکان بە ئەندازەی ناتابەیی لەگەڵ سرووشت لە واقیعەوە دوورن، واتە هەندێکجار وێنە دەبێتە دیمەنێکی هزریانە لەوەی ببێتە تێڕوانینێکی لۆژیکییانە، هەروەها وەك نزار قەبانی دەڵێت (لەسەر شیعر پێویستە واز لە منداڵییەتی خۆی نەهێنێت، جا بە هەر نرخێك بووە، حەزی گەمەکردن.. شکاندن.. شەیتانیەتی بپارێزێت../ هەمان سەرچاوە). ئەوەتا لە هەمان قەسیدەدا شاعیر بۆ ئەو تافانە دەگەڕێتەوە، کە تێیدا هێشتا لەناو گەمەکانی منداڵیدا سەرقاڵی کردووە، وەك چۆن ئەمێستاش بە هەمان شێوە بە گەمەکانی وشەوە خۆی خەریك کردووە، دەڵێت:

**شێتانە کرێوە کە.../ شێتانە ببارێنە.../ تابزانم تۆ لەکوێ بووی/ ئەودەمەی خۆڵەپەتانێم/ بە وردە شووشەکانی تاڵترین ڕۆژگارم ئەکرد.....**

لێرەوە شاعیر هەردوو گەمەکەی منداڵی و گەورەبوون لە منداڵیدا تێکەڵ دەکات، ئەوەتا جارێکی تر بۆ ئەوەی لەوە بگات ئەو لەکوێ بووە هەمان

خۆڵەپەتانێ بکات بۆ ئەوەی لەو شارانەوە بگات، لەناو ئەو پێکهاتەدا هەن، لەوانەیە هەندێك لەو مانایانە لەناو پێکهاتە بێدەنگەکانی دەقدا بێت، لێرەدا مەبەست لە پێکهاتەی بێدەنگ دوو حاڵەت یان دوو جۆر لە دەربڕین دەگرێتەوە، یەکەمیان: پەیوەندیی بە خودی زمانەوە هەیە، واتە لایەنە ڕێزمانییەکەی شیعر بەکارهێنانی پیتە بێدەنگەکان ئەوانەی پێی دەوترێت نەبزوێن، کە ئەمیان بۆ خۆی پێویستی بە دۆزینەی تایبەتی هەیە، لەناو پێکهاتەی دەقدا دەبن بە بەشێك لەو مانایانەی دەکەونە پشت دەقەوە. ئەگەرچی ئەستەمە شیعر بە خۆی بەبێ ئەم بێدەنگییە بتوانێت شتێك بڵێت، کە بەرەو لای حاڵەتە نەستییەکانمان بەرێتەوە، لەبەر ئەوەی ئێمە زۆرتر لەکاتی بێدەنگیدا بەرەو لای نەست دەگەڕێینەوە. شیعر بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم حاڵەتە وەربگرێت ئەبێت بەو پێوانانە کار بکات، جۆرێك لە بێدەنگیی وشەکانو ریتمو دوابەدوایەکی رستەکان فەراهەم بکاتو خۆی لەو رستانە ببوێرێت، کە جۆرێك لە قەرەباڵغبوون دەدەن بە راستای دەقەکە. دەتوانین ئەم دوو حاڵەتە لە قەسیدەی (دیسانەوە قافڵەکانی هەرەس لێرەوە... تێدەپەڕن، ئەو کاتانەی ژیان دەرم دەکات))، ئەگەر کەمێك بە وردی ئەم دوو قەسیدەیە بخوێنینەوە، دەبینین لە چ ئاستێکدا بێدەنگی وەستاوە، بە چ ئەندازەیەك دەیەوێت بەدوای پێکهاتە شیعرییەکانی خۆیدا بگەڕێت، هەر لەبەر ئەوەیە ئەبێت زۆرجار شاعیر بۆ لای بیرۆکەی بێدەنگی بگەڕێتەوە، ئەو بێدەنگییەی هەندێکجار لە وەرینی بەفر یان ناڵەی هەورەکاندا وێنای دەکات، واتە دەکرێت شاعیر مەدلولێکی تر بدات بە بێدەنگی، نەك وەك ئەوەی لە سروشتدا هەیە، بەڵکو لەناو راستای زمانو بیرکردنەوەو پێکهاتەی شیعریدا هەیە، هەر لەبەر ئەمەیە زۆر لە رەخنەگران شیعر وەك سەرکێشی تەماشا دەکەن، سەرکێشی لەسەر ئاستی زمانو بیرکردنەوەو لۆژیکییەتی رووداوەکان. ئەو زنجیرە یەك بەدوا یەکە فیزیاییەی لەناو ژیاندا هەیە، لەناو خودی شیعردا نییە. خواستنی بێدەنگی هۆکارێکە بۆ ئەوەی بتوانین لەناو قەسیدەدا بەرجەستەی بکەین.

ئەوەتا لەم چەند دێڕە شیعرییەی کۆساردا ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت:

**ئەو دەڕواتو بێباکە لەوەی**
**دڵێك تا فەنابوون گیرۆدە ئەکاو**
**وەهمێك لە تەونی جاڵجاڵۆکە**
**ئەکات بە تەوێڵی تەمەنێکداو**
**پێی دەڵێت**
**ئەمە قەدەری تۆیە...**

ئەوەی لێرەدا وەك بێدەنگی بەرجەستە دەبێت، ئەو ساتانەیە دوای ئەم خوێندنەوەیە بۆمان دروست دەبێت. ئەوەتا کەسێك لەناو تەنیاییەکی کوشندەداو لەناو زەمەنێکی ئەبستکراکتو بێ هیچ هەستێکدا بۆ ئەبەد جێتدێڵێتو تەنها ورماویو بێدەنگی نەبێت هیچ چرکەساتێکی تر نییە لەو شۆکە رزگاری بکات، ئەوەی دەقەکەش دەخوێنێتەوە نەتوانێت بچێتە ئەم ساتە وەختەوە، ئەبەد ناتوانێت ئەو ریتمە بدۆزێتەوە، کە ئەم شیعرەی پێ تەواو بکات. کەواتە لێرەدا بێدەنگی مانایەك بوو لە دەرەوەی دەقو راڤەکردنێکە بۆ نەستی خوێنەر، هەروەها ئەو بەشدارییەی خوێنەر لەناو ئەم کایەدا ئەنجامی دەدات، دەکرێت جارێکی تر بۆ رستەکانی پێشوو بگەڕێینەوە، کە لەم قەسیدەیەدا بەکار هاتوون، ئەو رووداوەی پێشتر هەڵوەستەی پێ کردین، لای شاعیر لەدوای ئەو بێدەنگییە کەمە زۆر بە هێمنی دەڵێت ئەشێت وانەبوایە، ئەواتا شاعیر بۆ مێژووی دێرینی زامێك، کە بۆ بەر لە بەرەبەیانی مێژوو دەگەڕێتەوە، دەڵێت:

**ئەبوو وانەبێت**
**بەر لە مەرگ**
**ئینجانەی گوناهێك نەمابێت**
**لەسەر عەرشی بەرینی خوا**
**بە منەتی پاکێتی خۆتان**
**لەسەری ئێمەدا**
**لە چاوی ئێمەدا**
**لە پرچی تەڕی ئێمەدا**
**پارچە پارچەتان نەکردبێت....**

لێرەدا بۆ مەسەلەیەکی گرنگتر دەگەڕێینەوە، ئەویش مەسەلەی مردنو ژیانە. ئەمە ئەو شتەیە قسەکردن تێیدا زۆر ئاڵۆزە، بەڵام شاعیر درك بەوە دەکات پاش هەموو جەنگەکانی ژیان، کە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتری دەکەن، بێدەنگییەك هەیە کەسمان ناتوانین لێی راکەین، ئەویش مردنە، ئەو چرکەساتەی

هەموو شتێك بێدەنگ دەكات، ئەوەی ناتوانین قسەی تێدا بكەین پێویستمان بە بێدەنگییەكی تەواو هەیە، تاكو بتوانین لە ناخی خۆمان بپرسین، بەر لە مردن مرۆڤ چیی هەیە بیدۆزێنێت؟ ئەوەی لێرەدا جێگەی پرسیاری ئێمەیە، ئایا ژیانو مردن دوو جەمسەری یەك شتنو لەنێوانی ئەماندا مرۆڤ یان بوونەوەر هەیە، یان لە دەرەوەی ئەم هاوكێشە پێچەوانەیە شتێكی تر هەیە؟ واتە ئایا زەمەن هۆكاری دیاریكردنی ئەم دوو جەمسەرەیەو شوێن تەنها تیانەیەكە ئەم دوو جەمسەرەی تێدا دەپێورێت، یان شتی تر هەن كە وادەكەن ئێمە بەردەوامی بەو هەموو وەهمەی ناخمان بدەینو شەڕەكانمان بەردەوام بێت؟ وەك شاعیر دەڵێت (بەر لە مەرگ)، واتە هەموو شەڕەكان دەكەونە زەمەنی بەر لە مەرگەوە. ئایا لە زەمەنی ناژیاندا شەڕی تر هەیە، یان ئەو شەڕانەشی كە وەك دەق ئاماژەی پێدراوە، تەنها لە داهێنراوی ئەندێشەی مرۆڤە بۆ ئەوەی هەست بە دۆڕاندنی كۆتایی خۆی نەكات، یان شتێكی تر هەیە لە دەرەوەی ئەم كایەیە؟ وەك شاعیر لە وەڵامی ئەو پرسیارانەی بەر لە مەرگ هەیە ئەم وەڵامەی هەیە، كە پێدەچێت وەڵامی زۆربەمان بێت. زۆر بە بێدەنگی دەڵێت: (ئەبوو قەدەری منیش وابێت) لێرەدا ئەگەر وەك خودی شاعیر لێكدانەوە بۆ ئەم رستەیە بكەین، لەوانەیە رستەیەكی زۆر ئاسایی بێت، بەڵام كاتێك دەبێتە بەشێك لە پێكهاتەو نەستی زۆرێكمان مانای تر وەردەگرێت. هەر یەكەمان بۆ خۆی خاوەنی قەدەرێكە، ئەو قەدەری یان ئەو لە دەستت رادەكات، یان تۆ لە دەستی رادەكەیت، یان ئەوەی بۆ هەمیشە لەناو بێدەنگیی خۆتدا چاوەڕێی بێدەنگییەكی هەمیشەیی دەكەیت.

لێرەدا دەچینە سەر چەمكی مردن، ئەو چەمكەی زۆرترین پانتایی لە بیركردنەوەی مرۆڤدا داگیركردووە، هەروەها بەشێكی زۆری ئەفسانەو ئایینو پێكهاتە فكرییەكانی داگیركردووە. ئەوەی بۆ ئێمە جێگەی پرسیارە لەناو ئەم چەمكەدا، ئایا ژیانو مردن دوو جەمسەری بوونو كۆتاییەكانن؟ ئایا ئەو نێوانە كامەیە دەكەوێتە نێوان ژیانو مردنەوە، وەك چۆن زۆرێك لە ناوەندەكانی تر خاوەنی ناوەندێكن، یان باشترە بڵێین دوالیزمەكان هەندێكجار بە نێوەندێكی جیا لە یەكتری جیا دەكرێنەوە؟ بەڵام جیاكردنەوەی مردن لە ژیان بۆخۆی خاوەنی چ رەهەندێكەو چۆن لە یەكتری جیا بكەینەوە، هەروەها ئەوەی جێگەی پرسیارە، ئایا بەر لە ژیان چیی تر هەیە ئێمە لەبارەیەوە بدوێین؟ یان پاش مەرگ چیی تر هەیە؟ یا گریمانەی ئەوە بكەین پاش مردن نەمری هەیە، وەك زۆرێك لە ئەفسانەكاندا هاتووە، ئەی بەر لە ژیان چیتر هەیە؟ هیوولی یان ئەزەڵی یان چیتر؟ هەموو ئەمانە دەمانخەنە بەر گریمانەی پرسیاركردنو تێرامان، لێرەشدا بێدەنگی جارێكی تر ئامادەگیی تەواوی لەم ساتەدا دەبێت، بەڵام با گریمانەی ئەوە بكەین (خودی وەهم بریتییە لە هەردوو جەمسەری تایبەت بە ژیانو مردن) ئایا چاوەڕوانی بەشێكی گرنگی نێوان ئەم دوو چەمكە نییە؟ وەك یۆریپید دەڵێت: (ئەوەی نازانێت كە ژیان مردن نییە، مردن ژیان نییە)٢، ئەوەی بۆ ئێمە لەم شیكردنەوەیەدا گرنگە، مەسەلەی شیعرو بیركردنەوەی شیعرییە. یەكێك لە سفەتەكانی شیعر وەك پێشتر باسمانكرد، ئەوەیە ناچێتە ژێر باری هیچ یاسایەكی لۆژیكییەوە، واتە سنوورێك نییە ئەم پێوەرەكانی قبوڵ بكات، لەبەر ئەوەیە زۆرێك لە رەخنەگران بە هیوولی یان نەمر ناوی دەبەن، ئەمە جگە لەوەی مەودایەكی فراوانی بۆ ئەو دوو چەمكە تەرخان كردووە، كە پێشتر ئاماژەمان پێدا، مەبەستمان وەهمو چاوەڕوانییە، وەك دوو چەمك دەكەونە دەرەوەی زۆرێك لە بنەما لۆژیكییەكانی بیركردنەوە، وەك هاوكێشە فیزیكییەكان، یان مەسەلەكانی وەك فەلسەفەو ماتماتیك شیعر دەكەوێتە ناو هەموو سنوورەكانەوەو لە دەرەوەی هەموو سنوورەكانەوەیە، لەبەر ئەوە مەسەلەی خوێندنەوەی شیعری بۆ هەموو ئەو چەمكە ئەستەمانە دەكەوێتە ناو راستایەكەوە دەبێت، بەهەمان پێوەری شیعری مامەڵەی لەگەڵدا بكەینو ئەو مەدلوولانە بدۆزینەوە، كە دەكەونە ناو راستای دەقەوە، نەك ئەوەی لۆژیك چۆنە وا شیكردنەوەی بۆ بكەین. سەرەتا بەر لەوەی شیكردنەوە بۆ تێگەیشتنی كۆسار بۆ شیعر بكەین، پێویستە كۆمەڵێك رستەی شیعری هەیە لەناو راستای دەقەكە دەری بهێنینو بەجیا شیكردنەوەی بۆ بكەین، ئەویش لەیەك دەقی شیعریدا نا، بەڵكو لە كۆمەڵێك دەقی شیعریدا، بەتایبەتی ئەوانەی ئێستا لەبەر دەستی مندان. لەوانەیە شاعیر هەندێك دەقی تری هەبێتو من چاوم پێیان نەكەوتبێت، لەبەر ئەوە دەتوانم تەنها

لەســـەر ئەو چەند دەقە شــیعرییە خوێندنەوە بکەم، کە لەبەر دەستمان. شاعیر لە چەند قەسیدەیەکدا بەم شێوەیە قسە لەسەر مردن یان چەمکی مردن دەکات:

**کە لێیان ئەپرسیت سەعات چەندە**
**نارنجۆکێکت پێنیشان دەدەن**
**پێت ئەڵێن: ئەوەندەی نەماوە بۆ خۆکوشتن......**

**من لەتاو ئێشکگرتن**
**لەتارمایەکانی مردنێکی نزیکەوە**
**رام کردووە.......**

**بەر لە رۆیشتن**
**سەرێك لە ڕاڕەوە پیسەکانی مردن و ژیانەوەی یەکەم ژووانمان ئەدەم.........**

**بۆچی عەشق**
**تا ناسنامەی گۆڕستانێکت نەداتێ**
**جێت ناهێڵێت........**

**بەرێ کەوە، من زوو زانیم**
**لەپای ئەم هەموو خۆکوشتنە..........**

**هەموو کۆترێك لەلای تۆ**
**ئەگەر لە گۆڕی نەنێی**
**لە تاریکی گۆڕستانێکی وەرئەدەی.........**

هەموو ئـــەو کۆپلانە بەشـــێکن لـــەو تێڕوانینەی سەبارەت بە مردن باسمان کرد. هەموو ئەو بێدەنگییەی ژیان و مـــردن لەناو خۆیـــدا هەڵیگرتـــووە، لەناو ئەم دەقانەدا بەدی دەکرێت. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم دەقانەدا ئەو مەدلولانە وەردەگرین، کە مردن بریتییە لـــەو ژیانەی دۆڕاندوومانە، یان بە شـــێوەیەکی خراپ گەمەمان پێکردووە. لەبەر ئەوەی هەمیشە بردنەوە بە ئاراستەی ژیانە، نائامادەیی دڵەڕاوکێی مردن یەکێکە لە دەرئەنجامەکانی سیستمی باوەڕ، هەروەها ناشتوانێت ببێتە ئامرازی فشـــار*، کەواتە ئەم باسکردنی مردنە ئەوەتا تەنانەت لەو دێرەی کە باس لە ژیانیش دەکات، ئاماژە بەوەدەدات، ئەگەر لە گۆڕیشی نەنێت، ئەوا لە تاریکیی گۆڕستانی وەردەدات. ئەم مەدلولە لەناو ئەو کایەی نووسەر هەســـتی کردووە ژیانی دۆڕاندووە، بۆ خۆی خاوەنی تایبەتمەندیی تایبەتی خۆیەتی، ئەیەوێت هەندێـــك ئاماژەمان بـــۆ بخوێنێتەوە، کـــە بۆ بەر لە نووسینی دەق دەگەڕێتەوە، واتە ئامادەیی نووسەر بەر لە دەق و لە کاتی مومارەسەی سرووتی دەقدا، ئەمیش خۆبەخۆ حاڵەتێکی ئەقلانی و هۆشداریی بەزەینرووانی ئاماژە پێدەدات. ئەمێستا باس لە پاش مردن دەکەین لەو کاتەی بەرەو ناشـــتنی مردن یان شاردنەوەی ئەو دۆڕاندنە دەچین، واتە لەدوای کەژاوەی مەرگەوە ئەبێت چێتر هەبێت شاعیر پێی وایە یەکێك لەوانەی هەمیشە بەر لە مردن ئامادەن عەشـــقە، کە ئەو تا ناســـنامەی گۆڕســـتانت نەداتێ ئەستەمە کەسێك هەبێت بتوانێت بـــەرەو ئەو شـــوێنە بتگوازێتەوە، واتـــە بگەیتە ئەو ئاســـتەی مەدلولێکی نوێ لەناو راستای دەقدا بەرهەم بهێنیت، واتە ئەوەی لەناو کایەی فەلســـەفەی مردندا بە کەژاوەی مـــردن ناودێر دەکرێت، لەبەر ئەوەی ئەم کەژاوەیـــە لە مەدلولدا لـــە بەکارهێنانی زمان دەچێت لەناو راستای دەقدا، بەڵام خاوەنی سروشتێکی تەواو گۆڕاوە بـــۆ دالێك، ئەویش گوزارشـــتکردنە. هەروەها دەکرێـــت لـــەم مەدلولانـــەوە بچینە نـــاو جیهانێکی ئاڵۆزتری دەقـــەوە، ئەویش ئەو نێوەندەیە، کە دەقی تێدا بەرهەمهاتووە، واتە ئەو نێوەندەی لە ســـەرەوە باســـمان کرد، ئەو نێوەندەی دەکەوێتە نێوان ژیان و مەرگەوە، کەواتـــە ئەو کاتەی نووســـەر لەناو دەقدا وەك سرووتی نووسین، وەك حاڵەتێکی بەر لە نووسین ئامادەیی دەبێت، ئەمە مانای وایە نووسەر توانیویەتی لەنـــاو ئەو پێکهاتە دەقیانەدا ئاماژەیەك بۆ نووســـین بدۆزێتـــەوە، کە هەندێکجار تەنها لە وەســـفکردنی ئەو شتانەی دەکەونە ناو لۆژیکەوە دەستمان بەوانە بگات، بەڵام نووسین وەك سروتێك جێگەی هەموو ئەوانەی تێدا دەبێتەوە، کە دەکەونە دەرەوەی پێناســـەو لۆژیکی شـــتەکانەوە، لەبەر ئەوە قورســـترین کار راڤەکردنی دەقە، بەتایبەتی دەقی شیعری، تەنانەت هەندێکجار لە سادەبوونەوەی رستەدا خۆبەخۆ هۆکاری خودی هەن، دەمانباتەوە بۆ ئەو ســـاتانەی بە بێ ڕووتوش لەگەڵ یەك باس لە هەســـتەکانمان دەکەین، بەتایبەتی لەنێو پەیوەندییە مرۆییەکاندا، کە مرۆڤەکان پێویستیان بە هیچ گرێوگۆڵ و تەمومژییەك نییە. ئەمەیە چرکەساتی راستەقینەی عەشق، بەڵام چرکەساتەکانی پاش عەشق کاتێك دەکەوێتە کوشتن و ســـەربڕین و بەجێهێشتنی

یەكتری، لەوێدا رستە پڕ مەدلولەكان دەستپێدەكەن، لەبەر ئەوەی دابڕان وەك خودی عەشق نییە زمانێكی ئاسان نییە بۆ گوزارشتكردن، لەبەر ئەوەی دنیایەك مەدلول هەن لەلای كەسی بەجێماو دەمێنێتەوە، ئەبێت خۆی بە شیكردنەوەیانەوە خەریك بكات، بۆ ئەوەی بگاتە ئەو راستییەی ئایا هەڵەكان لە خودی مرۆڤەكانەوە بووە یان لە خودی پەیوەندییەكە؟ ئەوەتا شاعیر لێرەدا دەڵێت:

**بۆچی عەشق/ تا ناسنامەی گۆڕستانێكت نەداتێ/ جێت ناهێڵێت؟........**

ئایا كە مرۆڤ گەیشتە گۆڕستان دەتوانێت چۆن بژیو چۆن بیربكاتەوە؟ ئەوانەی بەدەر لە هەموو ئەم ناسنامەیە پاش دۆڕاندنی ژیان دەتوانن درێژە بە هەموو سەمەرەكانی ژیانیان بدەن یان مردوون، یان ئەوانیش بەشێكن لە گاڵتەجارییەكانی گەردوون. ئاشكرایە مرۆڤ بەبێ عەشق مەحاڵەو زۆریش مەحاڵە بژی، بەڵام لەدوای ناشتنی ئەو تەرمەی پێی دەوترێت عەشق ئەگەر شتێك بمێنێتەوە تەنها ئەو رستە ئاڵۆزانەیە دەمانەوێت گوزارشتی لەو دۆڕاندنە پێ بكەین، ناكرێت ئەوەشمان بیربچێت گۆڕستان دوا وێستگەی سرووتی جەنازەكارییە، واتە تا ئەو كاتەی ئێمە تەرمی عەشقمان بە شانەوەیەو بەرەو سەرقەبران دەیبەین، هێشتا ئومێدێك یان چركەیەك بۆ خەمەكان ماوەتەوە، بەڵام پاش مردن تەنها یادەوەرییەكان دەمێننەوە، كە بۆ ئەو كەسە جگە لە خەڵەتاندنو بەسەربردنی كاتێكی بەتاڵ هیچی تر نییە قسەكردن لەسەر شكڵ بریتییە لە بوونی تۆڕێك پەیوەندیو بونیاد لەسەر ئاستی گوزارشتو ناوەڕۆك، واتە شیكردنەوەی ئێمە بۆ ئەم مەسەلەیە لە رێڕۆیشتنی كەژاوەوە دەسپێدەكات بۆ هەموو وردەكارییەكانی بەپێی تۆماركراوەكان ئاماژەی پێدەدرێت، كەواتە خودی كەژاوەی تەرمەكە خۆبەخۆ دەبێتە هۆكارێك بۆ گوزارشتكردن لە هەموو ئەو بابەتانەی دەكەونە ناو ئەم راستایەوە، لێرەوە كردەی راڤەكردنی دەق وەك پێكهاتەیەكی زمانەوانی، پاشان وەك ئاماژەیەكی سیمۆلۆژیانە دەستپێدەكات. ئەوەی لە زانستی زمانو بواری رەخنەدا پێی دەوترێت خوێندنەوەی سیمۆلۆژی بۆ دەق لەناو راستای زمانێكی دیاریكراودا، یەكێك لەوانەی گرنگیی تەواو بەم مەسەلەی دەدات. فەیلەسوفی سیمۆلۆژیی ئیتاڵی ئەمبرتۆ ئیكۆیە، ئەو رای تایبەتی لەمەڕ خوێندنەوەو راڤەكردنی دەق هەیە، كە دەرفەتی بۆ رەخنەگر یان شیكەرەوەی دەق بەرفراوان كردووە، تاكو لەناو راستای یەك دەقدا چەندەها خوێندنەوەی جیاجیا بۆ دەق بكات، كردەی خوێندنەوەو راڤەكردنی دەق بەپێی تێروانینی ئیكۆ بەم دوو شێوەیە نەبێت ناكرێت. حاڵەتێك راڤەكردنی تێدا دەچەسپێنرێتو بەرەو پەراوێزو دیسپلینەكان دەچێت، ئەوی تر ئەزمونی لەدەست دەرچوونی خوێنەری تێدا بەرجەستە دەبێتو هیچ مەرجەعییەتێكی نابێتو دەچێتە ناو گێژاوو رەوەندی دەلالەتە مومكینەكانەوە. زۆرجار لەبەر نەبوونی ئەو باگراوندەی بۆ پەراوێزو دیسپلین لەناو كایەی بەرهەمهێنانی دەق لای ئێمە، پەنا بۆ حاڵەتی دووەم دەبەین، لەبەر ئەوەی رەخنەگر یان شیكەرەوە دەستی واڵاتر دەبێت، هەروەها ناچار نابێت نووسەرو بە كۆمەڵێك تیۆرەی ئەدەبی بار بكەیت، كە خودی دەق، نەك نووسەر پێویستی بەم كارە نییە، بەڵام با ئەوەمان بیر نەچێت، ناكرێت لەناو كایەیەكی بەتاڵدا دەقی زۆر گەورە بەرهەم بهێنرێت.

كۆسار هەندێكجار لە قەسیدەكانیدا تائەندازەی واقعیبوون سادە دەبێتەوە، لەوانەیە لە هەندێك دەقدا ئەم حاڵەتە بووبێتە هۆی ئەوەی دەق نەتوانێت كۆمەڵێك مەدلول بەرهەم بهێنێت، ئەودیوو دەقمان بۆ دەستنیشان بكەن، بەڵام لەهەمان كاتدا هەوڵی ئەوەی داوە لەو هەموو دیسپلینە رێزمانییەی زمان خۆی قوتار بكات، هەندێكجار بۆ وێناكردن پەنا بۆ كۆمەڵێك رستەی لەیەك دابراو لە وێنەو لۆژیكی زماندا بەرێت، ئەویش بەپێی ئەو تیۆرەی نزار قەبانی كاری پێدەكات، دەرچوون لە یاسا قەدەری قەسیدەی جوانە، قەسیدەیەكی جوان نییە لەگەڵ سەردەمەكەی خۆی دژبەیەك نەبێتو بەریەككەوتن لەنێوانیاندا درووست نەبێت، لەبەرئەوەیە ئەم سەردەمە پێویستی بە شاعیری هیستریاییو هێرشبەرە، كەواتە لێرەوە ئەبێت لەوە بگەین، هەموو راڤەكردنێك بۆ خۆی لەو چركەساتەوە دەستپێدەكات، كە لەزەتی دەق دەگاتە ئاستێك هەموو مەدلولەكان دەكەونە ناو ئەو بیركردنەوانەی زۆرجار لەنێوان نووسەری دەقو راڤەكاردا جۆرێك لە دژایەتیكردنی یەكتری تێدا دەردەكەوێت، بە گەرانەوە بۆ ئەو چەمكانەی پێی دەوترێت خوێندنەوەی دەق،

لەبەر ئەوەی دانراوەکانی تەواو فرەو هەمەچەشنەن‌و کۆتایی نایەت، ئەمەش خۆبەخۆ پێویستی بە کۆمەڵێك راڤەکردنە، خاوەنی دنیایەك دەلالەتی تایبەتی خۆیەتی. گەران بەناو قولاییەکانی راڤەکردندا ئەو یەکێتییە هەمەکییە پێکدەهێنێت، کە دالەکانی تێدا تەواو نابێت، هەتاکو سەرکێشی راڤەکردن بەردەوام بێت، گەیشتن بەیەك مانا کارێکی نەشیاوە.

لێرەوە دەچینە سەر ئەو تێڕوانینانەی شاعیر بۆ عەشق هەیەتی، یان ئەو دەقە شیعرییانەی وێنەی عەشق دەکەن‌و دەیکەنە بەشێك لە راڤەکردنەکانی خۆیان، وەك مەسەلەیەکی فەلسەفی تەماشای بکەین، ئەوەندە دەچینە ناو وردەکارییەکانەوە، بە ئەندازەیەك ناتوانین ئەو سۆزەی لەو چرکەیەدا هەیە وێنای بکەین، بەڵام ئەوەی لە دەقەکانی ئەم شاعیرەدا بەرچاو دەکەوێت دەتوانین بڵێین هاوتای سۆزی عەشیقێکی ناکامە، وەك ئەوەی زۆرێك لە رەگەزی مێینە بەدەستییەوە دەناڵێنن. ئەوەی پێی دەوترێت خیانەتکردن لە جوانترین ساتەکان، ئەگەرچی شاعیر لە تێڕوانینیدا بۆ ئەم مەسەلەیە نەیتوانیوە لە هەندێك چەمکی تەقلیدی خۆی رزگار بکات، بەڵام ئەم بە دەلالەتی ترەوە هاتووە مەدلولەکانی خستووەتە روو، واتە تەنها لەناو ئەو راستا کۆمەڵایەتییەدا نەهاتووە ماناکانمان بۆ تەوزیف بکات، بەڵکو لەناو ئەو راستایەی دەکرێت بە رەهەندە نوێیەکانی عەشق ناوی بەرین ئەوەی لای ئەم جێگەی سەرنجە کەمتر مرۆڤەکان خیانەتیان کردووە، بەڵکو ئەوە زەمەن‌و شوێنە ئەبێتە هۆی ئەم دابرانە یان ئەوەی پێی دەوترێت پەیوەندییەك لەناو نەستداو دواتر بۆ ناو ئاستەنگییەکانی زەمەن دەگوازرێتەوەو پانتاییە جوگرافییەکان لەدواجاردا تەحەکومی پێوە دەکەن. هەموو تواناکانی راڤەکردن بۆ خوێندنەوەی مانایەك لە ماناکانی خۆشەویستی ناتوانن چێژی ئەو چرکەساتانەت پێ ببەخشن، کە بەوپەڕی هێزەوە دەتەوێت خۆت لەو هەموو چرکانە رزگار بکەیت، کە یادەوەری کوشتوویەتی، ئەوەندەی هێز کەم دەکاتەوە، ئەوەندە ناتباتەوە لای ساتێك لە نەدرکاندن. ئەوەندەی بەرو کەنارەکانی دابران‌و تەنیایی دەتبات، ناتگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ساتانەی مرۆڤ هەوڵی داوە بە هێمنی سەوڵێك بە ژیانی لێبدات‌و دوور دوور لە ئاسۆ بنوارێت‌و بگاتەوە بە یەکەم هەنگاوی بێسرتە، ئەوەتا شاعیر هەموو خەتاکان بۆ شوێنێکی تر دەبات، وەك لەم چەند نموونە شیعرییەدا ئەوەمان بەرچاو دەکەوێت:

**لەنێوان عشق‌و نەگەیشتن/ بە کەنارە داگیرساوەکانی عومر/ پلاتێکی قەقنەزی خەتابارە...**

**لەنێوان خەنەی دەستمان‌و/ هەڵواسینی کچێنییە وشکەوەبووەکانمان/ ئاڵای سەر تابووتە گەڕاوەکان خەتابارن...**

هەروەها بۆ ئەوەی مرۆڤ لە هەموو ئەو ئازارانە دوور بێت، کە مرۆڤ بەدەستەکانییەوە دەناڵێنێت، ناچارە پەنا بۆ زەمەنێك ببات، عەشقی تێدا نەکراوە، کە ئەمە مەحاڵە لەبەر ئەوەی سەرکردەکان بە عەشقەوە قوربانییەکان سەردەبڕن. گورگەکان بە عەشقەوە مەڕەکان دەخۆن، هەروەها عەشق زەمەنێکە نەتوانینی هەموو هێزەکانی تێدایە. ئەکرێت خۆمانی لێ بدزینەوە، بەڵام ناکرێت بەدوای زەمەنێکدا بگەڕێین، کە عەشقی تێدا نەکرابێت. شاعیر لێرەدا لەوپەڕی یەئسەوە لە وێنەیەکی تەواو راڤەییدا دەڵێت:

**(بۆ ئەو زەمەنە بگەڕێن/ کە عەشقی تێدا نەکراوە....)**

دیارە ئەم لە ترسی ئەوەی وەك خۆی دەڵێت‌و پێشتر باسمان کرد، عەشق تا ناسنامەی گۆڕستانێکت نەداتێ، جێت ناهێڵێت.

**سەرچاوەکان:**


١- العقل الشعري، خزعل الماجدي، دار الشؤون الثقافية، بغداد، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤.

٢- ما هو الشعر؟، نزار قباني، منشورات نزار قباني، بيروت، طبعة ثانية - أيار/مايو ١٩٨٢، صفحات ٣٩ - ٤٨.

٣- حديث الجثة»... جديد الجثة قارئ خطاب موته، سعيد بنطراد، موقع خاص بكاتب.

٤- مناحيم روث، ميثولوجيات الموت، ترجمة: محمد أسليم، صدرت هذه الترجمة في الملحق الثقافي الأسبوعي لصحيفة العلم، ٦ مارس ١٩٩٣، ع. ٨١٥.

٥- جوزيف كورتيس، الموكب الجنائزي قراءة سميائة، ترجمة: عبد العلي اليزمي، مجلة العلامات.

٦- امبرتو ايكو والتأويل اللانهائي، بقلم: الحسن المختار، جريدة الزمان.